# نیشانەکانی مونافیق

## (علامات المنافق)

م/ محمد ملا فایق شهرزوری

بەشی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه اجمعين.**

دووڕووەکان و نیشانەکانیان (المنافقون وعلاماتهم). یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە باوەڕدار لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستیەکی زۆری پێیە ئاگادار بێت بەسەریدا، بۆیە بەیارمەتی پەروەردگار بەوردی دەچینە ناو شیتەڵ کردنەوەی ئەم بابەتە و لە بارەیەوە دەنوسین

### پێناسەی دوو ڕوو (المنافق)

١/ (ابن تيمية) دەفەرموێت: (دوو ڕوو ئەو کەسەیە لە (ئیمان) دەردەچێت لەناخیەوە، لەدوای چونە ناوی بە ئاشکرا یاخود ئەو کەسەیە ئیسلام دەردەخات و هیچ شتێکی لە (ئیمان)پێ‌نیە[1] .

٢/ (ابن أبي العز الدمشقي) دەفەرموێت (دووڕوو ئەوکەسەیە بەزمان باوەڕی هێناوەو بەدڵی باوەڕی نەهێناوە )[2] .

٣/ إبن كثير دەفەرموێت (دووڕوویی: دەرخستنی خێرو شاردنەوەی شەڕە)[3]

### مێژووی (منافق)

مێژووی منافق دەگەڕێتەوە بۆدوای سەرکەوتنی موسوڵمانان لەغەزای (بدر). وە دەوریان لەغەزای (بنی قینقاع)دا بەدەوری یەکەم دادەنرێت، کە (عبدالله کوڕی سلول) هەندێکی لەیەهودیەکان دەرباز کرد لەسزا. وە لەغەزای (أُحُد) دا، هەرئەوکەسە سێیەکی جەنگاوەرانی گێڕایەوە کاتێك کە گەیشتنە نزیك مەیدانی جەنگەوە ...وە لەغەزای (بني نضير) دا دوو ڕووەکان هەڵ دەسان

(١)كتاب الإيمان ص١١٧. (٢) شرح الطحاوية (٢/٤٩٠).

(٣) تفسير القرآن العظيم (١/٧١)

بەیارمـــەتی مەعنـــەوی جولەکـــەکان بـــۆ هێشتنەوەو سەنگەر چۆڵ نەکردنیان بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ وەهاوەڵانی.

وەلەغـەزای (بـني المصـطلق) دا ڕۆڵـی فیتنـــەو ئاژاوەیـــان هـــەبوو لەزینـــدوو کردنـــەوەی دووبەرەکایـــەتی لـــە ڕیـــزی جەنگاوەرانـداو، لەبەسـەرهاتی حودەیبیـەدا ڕۆڵی خۆدزینەوەو ئامادەنەبونیان هەبوو.

هـــەروەك چـــۆن دەوری ڕیابـــازیو دەرخسـتنی چـالاکی یـان هـەبوو لەغـەزای (خیبر) دا.

وەڕۆڵی دروسـت کردنـی (شـك) وگومـان و دووبەرەکیان هەبوو لـەدوای غـەزای (حـنين) لەکاتی دابەشکردنی (غنیمة)دا.

وەڕۆڵـــی خۆدزینـــەوەو ســـاردکردنەوەو تانـــەو تەشـــەر دان لـــەهاوەڵان و هـــەڵ وەشـــاندنەوەی ڕیزەکانیـــان لەغـــەزای (تبوك)دا کاریان بوو .

## شێوازی مامەڵەی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵیان دا:

دووڕووەکان ئامادەی مزگەوتی پێغەمبـەر (ﷺ) دەبـــون لەگـــەڵ موســـوڵمانانداو، گوێبیســتی وتەکانیشــی دەبــون. لەگــەڵ ئەوەشــدا دەســتیان دەکـرد بەگاڵتــە پــێ کـــردن وبـــاس کردنیـــان بەخراپـــە وڕق وکینەیەکی زۆریان لە پێغەمبـەرﷺ وخـزم و کـەس وکـاری دەبـوەوە، بەتایبـەت (علـی کـوڕی ئـــەبو طالـــب)، وەك ئەبوســـعیدی خودری دەفـەرموێت (دووڕووەکانمـان بـەڕق لێ بـــونی علـــی کـــوڕی ئـــەبوطالـــب دا دەناسینەوە )[٤].

وە ابن تیمیة دەفەرموێت:

(دوو ڕوویـــەتیان زۆر جـــار دەناســـرایەوە بـــەوەدا کاتێـــك باوەڕدارێـــك قســـەیەکی دوو ڕووەکـــانی ببیســـتایە، دەی گەیانـــدە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، ئـەوانیش دەسـتیان دەکرد بـە سـوێند خـواردن کەقسـەی وامـان نەکردوە.

دەناســـــــرانەوە بەدواکـــــــەوتنیان لەنوێژو(جیهاد)و، نـەدانی زەکـات وڕقلێبـون وبـــەقورس زانینـــی زۆر لەیاســـاکانی پەروەردگار.

زۆریشـیان بەشـێوازی قسـەو گفتوگـۆ دا دەناسرانەوە. وەزانایان هۆی نەکوشتنی دوو ڕووەکان دەگێڕنەوە بۆ ئەم هۆیانە :

١/ بۆ ئەوەی خـەڵکی وای بـڵاو نەکەنـەوە کە (محمد)(ﷺ) هـاوەڵانی خـۆی دەکوژێت.

---

(٤) احمد في الفضائل(٩٧٩) وقال محققه سنده صحيح.

تـاوەکو نەبێتـە هـۆی ترسـاندنی خـەڵکان و نەهاتنە ناوئیسلامەوە [٥].

٢/ (**ابــن تیمیــة**) دەفــەرموێت (دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ :

أ/ زۆریـان (کفـر) یـان لـە سـەر سـابت نـەدەبوو، ئیسلامیشـیان بەڕواڵـەت وەرگـرت بوو .

ب/ وەپێغەمبـەر (ﷺ) دەترسـا بـە کوشـتنیان شـەڕو دووبەرەکایـەتی گـەورە تری لێ بێتەوە. وەخـەڵکیش بـڵاوی کەنـەوە کە (محمـد ﷺ) هـاوەڵانی خـۆی دەکوژێـت. واتە تاوەکو نەبێتە ڕەواندنەوەی خـەڵکی لـە ئیسلام [٦] .

وابن القیم دەفەرموێت:

(مامەڵـەی پێغەمبـەر (ﷺ) لەگـەڵ دوو ڕووەکـان بـەم شـێوەیە بـوو: فـەرمانی دەدا ڕووکـەش وڕواڵـەتی ئیسـلامیان لێ وەربگیرێـت وەنهێنیـەکانیان بدرێتـە دەسـت پەروەردگار.

وەجیهادیـان بـە (علـم) و بەڵگـە لەگەڵدا بکرێـت، وە لەگەڵیانـدا هەڵسـوکەوت و مامەڵـە و زۆر تێکـەڵی نـەکرێت ، وەقسـەی ڕەقیـان لـە گەڵدا بکرێـت، قسـەی بـەهێزو کاریگـەریان بـۆ بکرێـت ، نوێـژیان لەسـەرنەکرێت کـاتی مردنیـان، وەنەچـن لەگەڵیان بۆ سەر گۆڕ کاتی ناشتن.

وەهـەواڵی دەدانـیێ پێغەمبـەر (ﷺ) ئەگەر منیش لێیـان خـۆش بم پـەروەردگار لێیان خۆش نابێت) [٧].

وە لـە کاتـە گشـتیەکاندا بـەو سـورەت و ئایەتانـە دەیترسـاندن کـەباس لـە دووڕوودەکـەن و باسـی سـزای دواڕۆژیـان دەکات .

هـەروەك لەنوێـژی هـەینیدا لـەڕکاتی یەکـەم سـورەتی (جمعـة)ی دەخوێنـدوو لـەڕکاتی دووەم سـورەتی (المنـافقین)ی دەخوێند [٨].

وە بـە یارمـەتی پـەروەردگار لەزنجیرەکانی داهاتودا نیشـانەکانی دوو ڕوو یەك بە یەك باس دەکەین بەووردی .

پـەروەردگار بمـان پارێزێـت لـە دوو ڕوویی‌و نیشانەکانی.

---

(٥) تفسیر القرطبي (١/١٩٨).

(٦) الصارم المسلول ص/٣٥٥.

(٧) زاد المعاد (٢/٩١).

(٨)رواه الطبراني في الأوسط وقال في الجمع (٢/١٩١) اسناده حسن .